# سەرکەوتوبێت ناڕەزایەتی کارمەندانیخەستەخانەی ئازادی !

ڕۆژی ( ) کارمەندانی خەستەخانەی ئازادی، دەسیتان دایە ناڕەزایەتی دەربرین لەشیوەی کۆبونەوەو مانگرتن لە نیو خەستەخانەدا، لەپیناو چەنیدن خواستی ڕەواو ئینسانی خۆیاندان لەوانە خواستی" هەڵوەشانەوی بڕیاری کەمکردنەوەی مووچەکانیان/ زیاد کردنی مووچەکانیان بەگوێرەی گرانی بازاڕ کەلاذیکەم لە ( 375000) دینار کەمتر نەبێ بۆ هەرکامەندێکمان کەتازە دائەمەزرێ / دابین کردنی خانووی گونجاو بۆسەرجەم کارمەندان/ حساب کردنی ئەوسالأنەی کە هەر کارمەندێك لەئێمە لەژێر فشاریحکومەتی بەعسدا بەبیانووی پاکتاوکردنی ڕەگەزی یان کێشەی سیاسیەوە دەستی لەکارکێشاوەتەوە بەخزمەت ......".

کارمەندانو کڕیکارانی خەستەخانەی ئازادی وەك بەشێکی فراوانتر لە سەرجەم کارمەندانو کریکارانی تەواوی خەستەخانەکان عێراقو کوردستان، مافی ڕەوای خۆیانە کە موچەیەکی گونجاویان بۆ دەستەبەر بکرێتو لە ژیانیکی شایستەدا بتوانن خیزانەکانیان بژیەنن، بەتایبەت کە ئەمرۆ پارەو پۆلیکی زۆرو زەبەندە هەلدەلوشریتو دەدزریت لە وەزراەتەکانەوە. فەسادی ئیداریو مالی گەیشتۆتە حالەتیك کە خۆیان لە نیۆ پەرلەمانەکەی خۆیانو لە رۆژنامەکانی خۆیانەوە باسی دەکەن. پارە بۆ دزین هەبێت بۆچی بۆ باشترکردنی کریکارانو فەرمانبەران نەبێت، لەکاتێکدا کە کریکارانو فەرمانبەرانی خەستەخانەکان، هەمیشەو بەردەوام لەخزمەت هاوولاتیاندان بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانیانو ڕودانی هەر باریکی نا ئاسایی.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە هەموو توانایەوە پشتیوانی خۆی لە ناڕەزایەتیو داواکارییە ڕەواکانی کارمەندانی خەستەخانەی ئازادی لەشاری کەرکوك ڕادەگەیەنێت و تێدەکۆشێت لە پێناو گەیاندنی دەنگی مانگرتنو ناڕەزایەتی کارمەندانی خەستەخانەی ئازادی بە یەکێتیەیە کرێکاریو ریکخراوە جیهانیەکان بگەیەنێتو هاوپشتی جیهانی بۆ خواستو داواکانیان بەدەست بهێنیت.

**سەرکەوتوبیت خەباتی کارمەندانی خەستەخانەی ئازادی**

**کۆمیتەی کەرکوك**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/8/5